# هۆڵۆكۆست

ن: دێڤید بەنكەر
و. لە ئینگلیزییەوە/ ئاری مامشەیی

پرۆسەی قەلاچۆكردنی نزیكەی تێكرای جووەكانی ئەوروپا لەلایەن نازییەكانەوە لە جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩- ١٩٤٥) بە هۆڵۆكۆست ناسراوە. سەرۆكی پارتی نازی ئەڵمانی فەرمانی لەناوبردنی ٥،٦ ملیۆن تا ٥،٩ ملیۆن جوولەكەی دەركرد. وشەی "هۆلۆكۆست" لەهەردوو وشەی یۆنانی "هۆڵۆ" واتا (بەتەواوی) و وشەی "كۆستۆس" واتا سووتاندن پێكهاتووە، هۆلۆكۆست یەكێكە لە گەورەترین جینۆسایدەكانی مێژوو. هۆڵۆكۆست وای لە جیهان كرد دژی هاوپێچی كردنی یاساكانی مافی مرۆڤ، یاسای نێودەوڵەتی لەدایك بێت. لە جەنگی جیهانی دووەم هەرتەنیا جووەكانیان نەدەكوشت بەڵكو ئەو كەسانەشیان دەگرت و لەناودەبرد كە دژی دەسەلاتی نازییەكان بان، وەك ((گیپسیسی)) رۆما، ئەڵمانیەك كەم ئەقڵ با، كەم ئەندام ، نێرباز و سەربازە بەدیلگیراوەكانی سۆڤیەت. چەند سەدە بوو مەسیحییەكانی ئەوروپا دژی جوولە كەكان بوون، زۆربەیان بیری دوورەپەرێزی خۆپاراستنیان بەرانبەر جووەكان هەبووكە بە ئانتی سێمیتزم Anti-Semitismناسرابوو، هەندێ وای بۆ دەچن كە Anti-Semitism بیروباوەڕێكی ئاینییە دژی جوولە كەكان، هەندێكیش دەڵێن (ئانتی سێمیتیزم) واتا Anti-Jewish، (دژە جوو) و ئەو ئیدیا جیاوازەیە كە رق و كینەیەكی زۆری بەرانبەر بیر وباوەڕی جووەكان هەبووە. بەبیر وبۆچوونی (Anti-Semitism)ەكان، جوولە كەكان نواندنێكی نادیاریان هەیە، خەیالاوین، هێزی شەیتانین، هەموویان هێزدارن و دەورێكی فێڵبازانەیان بینیوە لە مێژووی جیهاندا. لە سەدەكانی ناوەراستدا مەسیحیە (Anti-Semitism)ەكان گەیشتنە ئەو باوەڕەی بە هەموو شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ جوولە كەكان بپچڕێنن، زۆربەیان باوەڕیان وابوو جوولە كە لە جیهاندا هاوپەیمانی شەیتانن. مەسیحییەكان، جوولە كەكانیان بەوە تاوانبار دەكرد كە گوایە ئەوان (عیسا)ی پێغەمبەریان لە سێدارە داوە. هەندێكیش لەو بڕوایە دابوون جوولەكە مرۆڤ نین بەڵكو شتێكن

لەلایەن شەیتانەوە وەك ئینسان دەرکەوتوون. لە سەدەی ١٩ز جووەکانی ئەوروپا لە بێ بەشی ژیان خۆیان رزگارکرد و توانییان بگەنە هەمان مافی دانیشتوانی ولاّتانی ئەوروپا، لەسەروبەندی شۆرشی پیشەسازیدا، توانییان دەورێکی باش لە بەرێوەبردنی تازە کارگەکان و بازرگانیدا ببینن. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم (Anti-Semitism)ی مۆدێرن توانی بچێتە نێو ریزە سیاسییەکان کاپیولك و حزبەکان. لە رۆما رۆژنامەی ( Civilla Cottolica) بلاّوکرایەوە هەم لە ناوەوە هەم لە دەرەوەی ئیتالیا پەرەی فراوانی بەبیر و بۆچوونی (Anti-Semitism) دا، لەوانە لە فەرەنسا و نەمسا و ئەلّمانیا. دەرکەوتنی ئەو پارت و رێکخراوانەی دژی جوولەکە بوون، زۆر بوون، هێندێك لەو پارتانە توانیان بەشداریەکی باش بکەن لە دەسەلاّتدا بەتایبەتی لە سالّی ١٨٨٠ لە ئەلّمانیا و ئیمپراتۆری رووسیادا توانییان ببن بە دەزگایەکی حکوومی. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زۆر لە ئەلّمانییەکان جوولە کەیان بەهۆکاری تێشکانی ئەلّمانیا تاوانبار دەکرد. لە کۆتایی جەنگدا گروپێکی کۆمۆنیستی هەولّیان دا شۆرشی (بۆلەشەفیك Bolsheviks) بگوازنەوە ناو ویلایەتی (Bavaro)ی ئەلّمانی. زۆربەی سەرکردەکانی ئەو شۆرشە سەرنەکەوتووە جوولەکە بوون. بۆیە، ئەلّمانییەکان جوولەکە و (Bavaro)یەکانیان بە هاوپەیمانی یەکترو ترسناکترین دوژمنی ئەلّمانیا لە قەلّەم دەدا. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم حکومەتێك بەناوی حکومەتی ڤایمار ( Weimr Republic ) دامەزرا. سیاسەتمەدارانی جوولەکە و بیروبۆچوونیان دەورێکی باشی دەبینی لە ژیانی ئەلّمانیای سەردەمی کۆماری ( Weimr Republic)، و زۆر جوولەکەش بەرانبەر بەو رۆلّەی جوولەکەکان لەو حکومەتەدا تووڕە بوون.

هەر لەسەر بیرو بۆچوونی (Anti-Semitism) ەکان، سەرۆکی نازییەکان هێرشی کردە سەر ئەو رۆلّە گەورەی جوولەکەکان لە کۆمەلّگای ئەلّمانیادا لە سەردەمی حکومەتی ڤایمار، بەتایبەتی لە بیر وبۆچوونی جیهان و لەبالّی چەپی سیاسییەکان هیتلەر جوولە کەکانی بەپەتاو سەرەتان ناودەبرد. لە کتێبەکەیدا (Mein kampf) واتا(خەباتی من)، دەلّێ : جوولە کەکان توانیوانە دەست بەسەر ئابووری ولاّتدا بگرن، بەرێوەبردنی میدیاکان کۆنترۆلّ بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو دەسەلاّتە ئابوورییە گەورەیەیان لەناو ببردرێت وئەگەر پێویستیش بوو خۆشیان قەلاّچۆ بکرێن. نازییەکان باوەڕیان وا بوو جووەکان بەرپرسن لەکەمکردنەوەی نرخی کۆمەلّگەی مۆدێرن، لای هیتلەر بیرۆکەی مۆدێرن جەخت کردن و هاندان بوو بۆ یەکسانی وەکو شۆرشی چینی نزمی کۆمەلّگا کە لەلایەن جووەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا. نازییەکان (بۆلشەڤیزم)یان بە شێوازێکی نوێی بنەڕەتی و پلانی جووە کۆنەکان دەزانی کە دەبێتە هۆی یەکنەگرتنی وناتەبایی نەتەوەیی. لای هیتلەر نازیزم وەك مەزهەبێك بوو بۆ رزگارکردنی جیهانی مرۆڤایەتی لە بیروباوەری بۆلّشەڤیکیی جووەکان. بڕوای وا بوو دەبێ ئەلّمانیا بە جەنگێکی گشتگیر دژی جووەکان سەرکردایەتی جیهان

بەدەست بهێنێت و بیپارێزێت. ئەو جەنگە بۆ هەر لایەك، یا سەركەوتنە یا لەناو چوونە.

هەتاكوو سالّی ١٩٢٩، پارتی كرێكارانی سوشیالیستی نەتەوەیی ئەلّمانی كە بەپارتی نازی ناسراو بوو، پارتێكی سیاسی بچووك بوو لە دەولّەتدا. لە هەلّبژاردنی پەرلەمانی سالّی ١٩٣٠، پارتی نازی زیاتر لە سەدا ١٨ كۆی دەنگەكانی بەدەست هێنا. رێژەی زۆری ئەو دەنگانەی نازییەكان دەنگی چینی مامناوەندی كۆمەلّگە و كرێكار و بێ كاران بوو. هۆیە سەرەكییەكانی سەركەوتنی نازییەكان لە هەلّبژاردنەكەدا، تورەییەكی درێژخایان لە پێكدادانی سەربازی ئەلّمانی سەبارەت بەجەنگی جیهانی یەكەم و نارازیبوون لە رێككەوتنی (ڤێرسەبلێ) كە كۆتایی بە جەنگ هێنا وبارێكی قورسی خستە سەر شانی ئەلّەمانیا لەوانە گوشاری ئابووری جیهانی سالّی ١٩٣٠ و ترسی پەرەسەندنی كۆمۆنیزم وكەسایەتی هیتلەر. لە ١٩٣٠ كۆمەلّگەی ئەلّمانی ئامادە نەبوو بۆ سەركەوتنی گشتی سیاسی ئەو راستییە بسەلمێنێ كە هیچ پارتێك ناتوانی حكومەتێكی گشتی دابمەزرێنێت كە بۆتە هۆی دروستبوونی بۆشاییەكی هێز وكێشەیەكی سیاسی لە پەرلەمانی ئەلّمانی. زۆربەی ئەلّمانییەكان ویستیان حكومەتی كۆماری و پارت و لایەنەكانی بگۆرن بە سیستەمێكی دەسەلاّتدار كە بتوانێت سەقامگیری وكار دابین بكات، هەربۆیە نازییەكان لە هەلّبژاردنی پەرلەمانی سالّی ١٩٣٠جەماوەریان زیادی كرد، لە هەلّبژاردنە پەرلەمانیەكەی سبتەمبەری ١٩٣٢ نازییەكان توانیان دەنگی زۆر زیاتر بەدەست بهێنن كە لە سەدا ٣٨ ی دەنگەكان بوو. هەرچەند نەیانتوانی زۆرینە دەستە بەر بكەن بەلاّم هیتلەر بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی یەكگرتوو توانی متمانەی پارتی محافەزەكار بە دەست بێنێت. هەر بۆیە لە ٣٠ كانونی دووەمی ١٩٣٣، سەرۆك پۆل ڤۆن هیندبۆرخ هیتلەری وەك راوێژكار (سەرۆك وەزیران) دەست نیشانكرد.

نازییەكان هەر كە گیشتنە دەسەلاّت راسیزم و ئانتی- سێمیتیزم یان كردە سیاسەتی سەرەكی رژێمەكەیان. هەر بۆیە لە ٧ی نیسانی ١٩٣٣و پەرلەمانی ئەلّمانیا یاسایەكی دەركرد رێگەی بەحكومەت دەدا جووەكان لە دام ودەزگا حكومییەكانی ئەلّمانیا وەدەرنێ. دواتر بیریان لە كەمكردنەوەی ژمارەی قوتابیە جووەكان كردەوە. هیتلەر و سەركردە نازییەكان پێیان وابوو كە ئەم هەنگاوە پچڕ پچڕانە بەس نین، بۆیە بڕیاریان لەسەر یاسایەكی گشتی دا بۆ سیاسەتی ئانتی سێمیتیزم. یەكەم مادەە پێناسەی وشەی جوو بوو. گرنگی ئەو بریارە لەسەر ئایینی باو باپیرانی جووەكە بوو كە بەم شێوەیە بوو:

هەر كەسێك كە سێ یان چوار پشتی جوو بێ ئەوە راستەو خۆ بەجوو دا دەنرێ. گرنگ نیە ئەندامی كۆمەلّەی جووەكانە یا نا. و ئەو كەسەی دوو پشتی جوو بێ بە نیو جوو لە قەلّەم دەدرێ، جوولە كەی تەواو ئەو كەسە بوو خۆی بە یەهودی بزانێ یا هاوسەرەكەی جوو بێ. باقی ئەو نیوە جووانە و ئەو كەسانەی یەك پشتیان جووە بەنیوە مرۆڤ لە قەلّەم دەدرێن. جووەكان و نیو مرۆڤەكان ئاریایی نین، هەرچی ئەلّمانی رەسەنە بەئاریی لە قەلّەم دەدرێ.

مەزهەبی نازییەكان بۆ دلّنیا بوون لە نەوەكان جەخت لەسەر رەچەلّەك دەكەنەوە، وەلێ مەبەستی

سەرەكی لەم گروپانە دیاریكردنی ئامانجی یاسا و جیاوازی رەگەزییە.

لە ١٥تشرینی دووەمی ١٩٣٥ لە شاری نۆرنبێرگ كۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدرا و دوو یاسا دەركرا، كە بە یاساكانی نۆرنبێرگ ناسراون. یەكەمیان یاسای پەروەردەی نیشتمانی ولات بوو، بەپێی ئەو یاسایە تەنیا نەوەی "خوێنی ئەڵمانی" بە هاولاتی ئەڵمانی دەژمێردرێ، واتا دابرینی جووەكانی ئەڵەمانیا لە هاولاتی بوون. دووەمیان یاسای پاراستنی خوێن و شەرەفی ئەڵمانی كە ژن و ژنخوازی ئەڵمانی و جووەكان و پەیوەندی سیكسی نێوان جوولەكە وئارییەكان قەدەغە دەكا. بەم شێوەیە نازییەكان، جوولە كە ئەڵمانییەكانیان لەهەموو مافەكانی هاولاتی سیڤیل و ژیانی كۆمەلایەتی وكەلتووری بێبەش كرد. ئەم سیاسەتە بەردەوامەی نازییەكان وای لە جووەكان كرد لە ئەڵەمانیا وەدەركەون. لە سالی١٩٣٨ جوولەكەكان پاسپۆرتی یاسایی و تەندورستییان لێ قەدەغە كرا وناچاركران بۆ وەرگرتنەوەیان سامانەكانیان تۆمار بكەن یان بیفرۆشنەوە بە ئارییەكان. حكومەت ناچاری كردن ئەو برە پارەیە وەربگرن كە بەشێكی زۆر كەم بوو لە نرخی راستەقینەی سامانەكانیان. كاتێ نازییەكان دەسەلاتیان گرتە دەست، قەشەكانی كاتولیكی ئەڵمانی باوەریان وابوو هیتلەر پارێزگاری لە شارستانیەتی مەسیحی ئەوروپا و شۆرشی بۆلشەفیزم دەكا. سەرئەنجام خۆیان گونجان لەگەڵ رژێمی نازییەكان و پشتیوانی سیاسەتی ناسیونالیستی دەرەوەیان كرد. بەرهەڵستكاری كاتۆلیكەكان و كەنیسەكانی تری مەسیحی لە پەیدا كردنی جەماوەر دژ بە سیاسەتی ئانتی- سێمیتیزم سەركەوتوو نەبوو. كەنیسە گەورە و سەرەكییەكانی مەسیحی بۆ پاراستنی جووەكان لە چەوساندنەوەی نازییەكان، بایەخیاندا بەمەسیحی بوونی جووەكان، بەلام سەرنەكەوتن، چونكە نازییەكان یاساگەلی رەگەزپەرستانەیان دەركرد، دەستیان دایە قەلاچۆكردن، ئەشكەنجەی جەستەیی جووەكان، یا دەركردنیان بۆ ولاتی تر. هەڵوێستی سەرۆكەكانی كاتۆلیكی رۆمانی، لە سایەی پاپا پیوس ١٢، هەمان هاوكێشەی بیر وباوەری قەشە كاتولیكەكانی ئەڵمانیا بوو. پاپا هەرگیز رەخنەی لە چەوساندنەوەی جووەكان نەدەگرت و هەرەشەی بچرانی پەیوەندی لەگەڵ هیتلەر نەدەكرد. كاتۆلیكەكانی هۆلۆكۆست و پاپا و دارو دەستەكەی لە جەنگی جیهانی دووەمدا زۆر باش ئاگاداری لەناوبردنی جووەكان بوون، بەلام مەحكوم كردنی ئەو كارە لەلایان ڤاتیكانەوە رەتدەكردەوە بەو بیانووەی ئەو ولاتە بچوكە سەربەخۆیەی ژێر دەسەلاتی پاپا دەبوو بێ لایەنی خۆی لەكاروباری نێونەتەوەییدا بپارێزێ. دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە مانگی سێی ١٩٣٨ نەمسای داگیركرد لەوێش هەمان سیاسەتی ئانتی سێمیتیكی گرتە بەر، دوای سالێك لە" بۆ هێمیا ومۆراڤیا" لە سەروبەندی داگیركردنی چیك دەسپێكرا. كردەكانی سێمیتیك گەیشتنە لووتكەی خۆی. لە ("kristallnight pogram" واتە شەوی شكاندنی پێك)باندێك یان رێكخراوێكی كوشتن وچەوساندنەوەی سەر بەهێزەكانی نازی لە سەرانسەری ئەڵمانیا و نەمسا

لەشەوی ٩ نۆڤمبەری ١٩٣٨ پتر لە ٩٠ جوولە كەیان كوشـت و سـەدانیان كوتـەك كـاری كـرد، ٦١ كەنیسەیان رووخاند و ئاگریـان لـە ١٩١كەنیـسەش بـەردا و هـەزاران دووكـان و نووسـینگەی بازرگـانی جووەكانیـان تـالآن كـرد. دەسـەلآتدارەكانی نـازی نزیكەی (٣٠٠٠٠) جوویان دەستگیر كرد وبردیـانن بۆ كەمپەكانی سـیڤیلی سیاسـی "كریـستال نـەخت پرۆگرام" نیشانەیەكی گرنگی كـاری نازییـەكان بـوو بەرانبەر بەجووەكان، چونكە یەكەمجار بوو لە ناوچەی مـۆدێرن لـە ولآتێكـی رۆژئـاوای ئـەوروپا تونـد و تیژییەكی ئاوا فراوان ئاراستەی جووەكان بكـرێ. لـە كۆبوونەوەیـەك كـە دوای دوو رۆژ لـە پرۆگرامەكـە بەسترا، سەركردەكانی نـازی بڕیاریـان دا جووەكـانی ئەڵمانیا دەبێت مەسـرەفی ئـەو كاولكارییـە بگرنـە ئەستۆ بێ رەچاوگرتنی زامنی پاراسـتن. لـە ٣٠/١/ ١٩٣٩ هیتلـەر هەڕەشـە نامەیـەكی نادڵـسۆزانەی ئاراسـتەی پەرلـەمانی ئـەڵمانیا كـرد، كـە ئەمـە دەقەكەیەتی: لە ژیاندا جـار جـار پێغەمبـەر بوومـە و... ئەمڕۆكە من دیـسان جـارێكی تـریش دەبمـەوە پێغەمبـەر: ئەگـەر دارایـی نێونەتـەویی جووەكـان لەناوەوە ودەرەوەی ئەوروپا جـارێكی تـر سـەركەوتن بەدەست بێنێت بۆ بەرپاكردنی جەنگی جیهانی نێوان نەتـەوەكان، نـەك هـەر نابێـتە بۆلـشەڤیزم كردنـی جیهان و سەركەوتنی جووەكان، بەڵكو دەبێتـە هـۆی قەلآچۆكردنی یەكجاری جووەكانی ئەوروپا."

دوای هەڵگیرساندنی جـەنگی جیهـانی دووەم لـە تشرینی دووەمی ١٩٣٩، نازییـەكان كاریـان بـە ss بوو، كە كەرتێكی بەهێزی پارتی نازییەكان بـوو بـۆ چارەســەركردنی پرســی جووەكــان رایانــسپارد و ئەوانیش دوو پێشنیاریان خستە روو، یەكەمیان: لـە باشووری رۆژهەلآتی پۆڵندا كۆمەڵگایەك بـۆ نـاردنی جووەكان دابمەزرێ.

دووەمیـان : دوای تێكـشكاندنی پـەیتا پـەیتای بەریتانیا لە فەرەنسا لە مایسی ١٩٤٠ و پێـشبینی سەركەوتنێكی گەورە بەسـەر بـەریتانیاكان، هـەر ٤ ملیۆن جووی ولآتی ژێر دەستی ئەڵمانیا راگوێزن بـۆ دوورگـەی مەدەغـشقەر، كـە دەكەوێتـە باشـووری رۆژهەلآتـی ئەفـەریقا و ئەوسـا لـەژێر دەسـەلآتی فەرەنسا دابـوو. هـیچ كـام لـەم پێـشنیارانە ئـەنجام نەدران. لە كۆتایی ساڵی ١٩٤٠، نازییەكان دەستیان كرد بە پلاندانان بۆ داگیركردنـی یـەكێتی سـوڤیەت (USSR). ئـەم پیلانــە وای لێكــردن واز لــە دامەزراندنی كۆمەڵگەی جوولەكەیی پۆلەندا بهێـنن، چونكە ئـەم كۆمەڵگایـە تـا رادەیـەك لـە سـەنتەر دەبێـت نـەك لـە رۆخـی چوارچـێوەی ئیمپراتـۆری ئەڵمانیا. نازییەكان وازیان لـە پلانـی مەدەغەشـقەر هێنا، لەبەر ئەوەی بەریتانیا دەست بەردار نەدەبوو و بەردەوام كۆنترۆڵی كەناڵی سویسی دەكرد بۆ رێگـرتن لەو كەشتیە ئەڵمانیانەی بـۆ مەدەغـشقەر دەچـوون. پێش شكستی ئەم پیلانانە ئەڵمانییەكان هەرچـۆنێك بێ چەند هەنگاوێكی سەرەتاییان نا بۆ كۆكردنـەوەی جووەكان لـە كـامپی زۆرەملێـدا تـا لـە داهـاتوودا بیانبەنە ئەو كۆمەڵگایەی نەخشەی بۆ كێـشرا بـوو. جووەكان لە پۆڵەندا ناچـار كـران بـڕۆن بـۆ گەڕەكـە زۆرملێیەكانی یەهودی، لەوێ فەرمانیان پێدەدان بـۆ راپەڕانــدنی ئــەركی ئەڵمانییــەكان، ئەنجومــەن

دابمەزرێنن، ناچار دەكران بەئارمی ئەستێرەی زەردی یەهودییەوە كریكاری بكەن. مەرجەكانی ژیانیان زۆر سەخت بوو، جەنجاڵیەكی زۆر، نەبوونی هەل ومەرجی ژیان، خزمەتی تەندروستی و ریژەی كەمی خواردن بووە هۆی بەرزبوونەوەی ریژەی مردن لەو گەرەكانە. بۆ نموونە، لە گەرەكی زۆرە ملیی وارشۆ، لە ساڵی ١٩٤١لە سەدا بیستی خەڵكەكەی مرد. لەكاتێكدا جووە پۆڵۆنیەكان لەناو گەرەكە زۆرە ملییەكان داڵدە درابوون، جووەكانی رۆژئاوای ئەورۆپا لەژێر كۆنترۆڵی نازییەكان رووبەرووی بێ رێزی وئانتی-سێمیتیك دەبوونەوە. هەر لە نەرویجەوە تا باكووری ئەفریقا هەرچی موڵك و تایبەتمەندی و مافەكانیان هەبوو زەوت كرا. لە بەهاری ١٩٤١، لەگەڵ ئەوەی خەریكی خۆ ئامادە كردن بوون بۆ داگیركردنی USSRیەكێتی سۆڤیەت، هیتلەر رایگەیاند جەنگی كاولكاری وا دەسپێ دەكات و داوای لەناوبردنی سەركردەكانی شۆرشی بۆلشەفیزمی كرد. بۆ ئەم مەبەستە دەزگایەك دامەزرا كە بەسەرچاوەیەكی دژی بۆلشڤیزم، واتە جووەكانی سۆڤییەت. ترۆرەكان لەلایەن ٤ بەشی گەرۆكی SSوە كە بە دەستەی پراكتیك ناسراو بوون ئەنجام دەدران وریك دەخران. هەریەك لەم بەشانە هەزار پیاوی لەخۆ گرتبوو. هەر بە هەمان شێوە دەستەی تری SS و پۆلیس هەبوون ئەركیان كۆكۆدنەوەی جووەكان بوو لە بەردەم ئەو گۆرانەی پێیان هەڵكەندبوون و دواتر گولە بارانیان دەكردن. هەندێ جار بەشدارانی گوللە باران كردن دەگەیشتنە ٣٠ هەزار چەكدار. لە ٢ حوزەیرانی ١٩٤١، سەرۆكی دەزگای ئاسایشی ئەڵمانیا، كە

كەسایەتییەكی بەرچاو بوو لە رێكخستنی لەناو بردنی جووەكان، داوای لەكۆمسیاری رووسیا كرد هەموو جووەكانی فەرمانگە حكوومیەكانی سۆڤییەت ئیعدام بكا. فەرماندەكانی دەستەی پراكتیك دیانگوت مەبەستیان هەموو پیاوە پایە بەرزەكان بووە. ژمارەیەكی زۆر لەوانە بێ گوێ دانە ئەوەی فەرمانبەرن یان نا لە ماوەیەكی زۆر كەمدا كوژران. لە ئابی ١٩٤١كوشتاری جووەكان ئەوەند بەرفراوان بوو ژن و منداڵیشی گرتەوە. بۆ نموونە لە ئابی ١٩٤١Heinrich Heimer سەرۆكی ss، كە بەشێكی گرنگ بوو لە پارتی نازی، فەرمانێكی دا بە یەكەكانی ss دەبێ جووەكان هەموو پیاوەكانیان گوللەباران بكرێن و ئافرەتەكانیش ببەن بۆ ناو جێژلو. هێزەكانی ئەڵمانیا تاكۆتایی تشرینی یەكەمی١٩٤١ توانییان هەموو كۆمەڵگە جووەكان قەلاچۆ بكەن. بۆ نموونە، لە ٢٩ و٣٠ تشرینی یەكەمی١٩٤١، ٣٣هەزار جوو لە دۆڵێكی قوڵ و باریك بەناوی (بابی یار) لە كییڤی ئۆكرانیا كوژران. لە یۆنیوی ١٩٤١ قۆناغێكی نوێ دەستی پێ كرد. تا ئەوسا كوشتارەكە رووی لە جوولەكەكانی سۆڤییەت بوو بەلاَم لەوەدوا پەرەی سەند بۆ هەندێ ناوچەی پۆڵەندا و سربیا. لەم ناوچانەش ئەڵمانییەكان سەیارەی غازییان بەكار دەهێنا، سەیارەی تایبەت بوون، دووكەڵێ ئەكسزۆزەكانیان یەكسەر بەبۆرییەك دەگواسترایەوە بۆ كابینێكی پڕ لە جوو بەمەبەستی خنكاندنیان. لە زستانی ساڵی ١٩٤١ بۆ ١٩٤٣ ماوەیەك ئیعدام كردن راوەستا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو زەوییانەی بۆ ناشتنی تەرمی جووەكان تەرخان

كرابــــوو بەســــتەڵك بـــوو هەڵنەدەكـــەنرا. بۆیـــە ئەڵمانییەكان ژمارەیەكی زۆریان وەك كۆیلە نارد بـۆ خزمەتكاری لە بەرەكانی جەنگ. لە بـەهاری ١٩٤٣ شـالاوی كوشـتاری جووەكـان دەسـتی پـێ كـردەوە تاگەیـشتە كرێكـارە كۆیلـەكانیش. دەســتەكانی پراكتیـك هـەردەم هیتلـەریان بـە راپـۆرت ئاگـادار دەكردەوە لە ئاماری كوشتاری جووەكان و خەڵكی تر وەك گیپیـسەكانی رۆمـا وكـەم ئەندامـەكان. ئـەو دۆكیومێنتانە سەرچاوە سەرەتاییەكانی خستنە رووی زانیــاری بــوون لەمــەر ژمــارەی كوژراوەكــان لــە رۆژهەلاتی ئەوروپا تا بەهاری ١٩٤٣. وا خەملێنـدرا كە لە هاوینی ١٩٤١ تا هـاوینی ١٩٤٣ نازییـەكان زیـاتر لـە ملیۆنێـك جوویـان لـە بـەردەم گـۆڕە هەڵكــەنراوەمانی خۆیــان كوشــتووە. لـــە ١٢ دیـسەمبەری ١٩٤٢، Joseph Gebbels وەزیـری هیتلـەر بـۆ پروپاگەنـدە و زانیـاری نەتـەوییی لـە یادنامەكەیدا نووسـیویە: وەك گرنگیـدان بـە پرسـی جووەكان، هیتلـەر بریـاری لـەناوبردنی سەرانـسەری داوە. پێشبینی ئەوەی ( ئەگەر جووەكان جارێكی تـر شەڕی جیهان بنێنەوە، ئەوە لەناوبردنی خۆیان تـاقی دەكەنـەوە) هـەروا وتەیـەكی بـەتاڵ نـەبوو. ئـەوەتا جەنگی جیهـانی دووەم دەرئەنجامەكـەی لـەناوبردنی جووەكانە "لە ساڵی ١٩٤١ نازییەكان دەستیان كـرد بەراگواسـتنی جووەكـانی ئـەوروپای داگیركـراو بـۆ رۆژهەلات (پۆڵەندا و رۆژ ئاوای سۆڤییەت) تا لـەوێ لـەناوبرێن، لەهـەمان كاتـدا خـەریكی جـێ بـەجێ كردنی پرۆگرامی لەناوبردنی خەڵكانی كەم ئەندام یان كەم هۆش بوون، دكتۆرە نازییـەكان هـەر لـە سـاڵی ١٩٣٩ ئـەو ئەڵمانییانـەیان دەكوشـت كـە لـەرووی جەستەیی یا مێشك ناتەواو بوون. دەیەها هـەزاریان كوشت، كە زۆربەیان بە گازی كـاربۆن مۆنۆكـسایدی كەپسول یا لەناو سەیارەی غاز خنكێندران، لە ئـابی ١٩٤١ هیتلـــەر بڕیـــاری دا كـــە پرۆگرامـــی "ئیوپانئاسـیا" رابگرێـت كـە لـە سـاڵی ١٩٣٩ وە دەستی پێ كردبوو، چونكە گەلی زۆر بێزار كردبـوو. هەرچـەندە، ئەزموونەكـە لـە "ئـەنجامی كۆتـایی" بەكارهێندرا، چونكە پرۆگرامی كوشـتنی جووەكـانی ئەوروپای ژێر دەسەلاتـی نازییەكان، ئاشـكرا ببـوو. سەیارە غازییـەكان وكەسـایەتییەكان لـە پرۆگرامـی ئیوپانئاسیا گواسترانەوە بۆ رۆژهەلاتـی ئەوروپا و لە جێگایـەك بـەناوی "Odilo Globonik" جـێگیر كران كـە فـەرمانگایSS بـوو لـە ناوچـەی لـەبلینی پۆڵەندای داگیركراو. هەر كە تیمـەكانی ئیوپانئاسـیا لــە كۆتــایی ســاڵی ١٩٤١ گەیــشتنە رۆژهـــەلات دەستیان كرد بە پلاندانان وئاسانكاری كۆكـوژی. لـە كانونی یەكەمی ١٩٤١ چـەندین گـازی ژەهراوییـان تاقیكردەوە. لە ناوچەی Auschwidz گازی سیانید كە لە zykon-B دروسـتكرابوو لەسـەر ٦٠٠دیلـی سۆڤییەت تاقیكرایەوە كە بوو بەهۆی كوشتنیان. لـە تشرینی دووەمـی ١٩٤١، ٣١ دیـل لەكـەمپی زۆرە ملێـی SACH SENHAUSEN لـە بـاكووری بەرلین لـەناو سـیارەی غـازی خنكێنـران. هـەر كـە نازییەكان پەرەیاندا بەكۆكوژی بەهۆی غازی ژەهراوی شێوەی غازی دا، بڕیاریـان دا جووەكـانی ئـەوروپای داگیركــراو بگوازنــەوە بــۆ شــوێنی مــەرگیان لــە رۆژهەلات. ئەو ولاتانەی لێیەوە رادەگوێزران و لەژێر

دەستی ئەڵمانیا بوون بریتی بوون لە: نەرویج، فەرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیكا، لوكسمبۆرگ، چیكوسلۆڤاكیا، پۆڵەندا، یۆغسلافیا ویۆنان. سەركردەی ئەو وڵاتانەی هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوون، ئیتالیا وهەنگاریا لە ٢٠/١/١٩٤٢، بەسەرۆكایەتی Heydrich لە كۆشكی سەرەكیSS لە ڤانەسی نزیك بەرلین كۆبوونەوە، ئەم كۆبوونەوەیە بەكۆبوونەوەی ڤانەسی ناسرا. لەو كۆبوونەوەیەدا نوێنەری سەرۆكی نازییەكان Heydrich كە بۆ چارەسەرێكی كۆتایی ئەوروپی پرسی، جووەكان ئامادە بوو، بە ئەندامانی كۆنفرانسەكەی هەر جوویەك تەمبەڵ بێ دەبێ بكوژرێت، ئەوانەش كەهێزو توانای خۆیان لە كاری زۆرە ملێ نیشاندا دوایی دەبێ بكوژرێن. كۆنفرانسی ڤانەسی نیشانەیەكی گرنگی پەرەپێدان سیاسەتی لەناوبردنی جولەكە بوو، چونكە ئەندامانی كۆنفرانسەكە رێنوێنی كران بۆ چۆنییەتی لەناوبردنی جووەكان. دوای كۆنفرانسەكە بە ماوەیەكی كەم لەناوبردنی جووەكانی ئەوروپا بەگوڕتر بوو. پێشەنگیان ٣ ملیۆن جووی پۆڵەندی بوو. لەمانگی تەمووزی ١٩٤٢ هیتلەر خشتەیەكی ئامادە كرد بۆ جیاكردنەوەی كەمپی قوربانییەكان. ئەم بەرنامەیە بە بەرنامەی راینهارد ناسرا، بەو پێیە٣ سەنتەری سەرەكی غازی دروست كرا لەوانە Belzecو Sobibor لە باشووری رۆژهەڵاتی پۆڵەندانزیك لەبلین وڤارساو. لەم ٣ كەمپەدا لە ئادار تاكو تەمووزی١٩٤٢ نزیكەی (٧٥٠ تا ٩٥٠ )هەزار جوو، لە ترێبیكا(٥٠٠ تا ٦٠٠ ) هەزار لە Belzec و ٢٠٠ هەزاریش لە Sobibor خنكێندران.

كەمپی تریش دروست كران كە كرێكارانی ناچار و ئامرازەكانی لەناو بردنی لێبوو. لەوانە دوو كەمپ دروست كران لە نزیك ئاوسخڤیتز Auschwitz، كە شارێكی بچووكە لە ناوچەی سیلەسیای سەروی پۆڵەندا. كەمپە بچووكەكەیان ناسراو بوو بە 1 Auschwitz كە چی كەمپە گەورەكە بە 2 Auschwitz ناسراو بوو و هەندێ جاریش بە Birkenau. زۆربەی كوشتارەكان لە كەمپە گەورەكە دەكران، كە نزیكەی ملیۆنێك جووی بە خنكاندن وبرسیەتی ونەخۆشی، تێدا مرد. بەرگری جووەكان لە بەرانبەر بە نازییەكان فراوان نەبوو، دوات جووەكانی ژێر دەسەڵاتی نازییەكان بەتەواوی چەك كران. نازییەكان هەنگاوی گەورەیان هاوێشت بۆ قایلكردنی خەڵكی، گوایە ئەوانە بۆ دروست كردنی كەمپ رادەگوێزن. بەرگریكردنی جووەكان زۆر سەخت بوو چونكە دانیشتوانی ناوچەكە دوورەكانیش لە ئانتی-سێمیتیزم و سزای نازییەكان دەترسان، بۆیە نەپشتگیریان دەكردن و نەیارمەتیان دەدان. لەسەرجەم وڵاتانی داگیركراوی ئەوروپا، خەڵكانی ژێردەستی ئەلمانیای داگیركەر، جووڵانەوەی بەرگرییان رێكدەخست. ئەم جووڵانەوانە رێنمایی و یارمەتییان لە حكومەتەكانی دەرەوەی وەردەگرت وەك بەریتانیا یان وڵاتانی هاوپەیمانی تر. لەهەمان كاتیشدا یەكێتی نەتەوەكان خەریكی شەڕ بوون لەگەڵ ئەڵمانیا، هەرچەند جووەكان حكومەتێكیان لە دەرەوەی وڵاتانی ژێر دەستی ئەڵمانیا نەبوو، و

هاوپەیمانیش پشتگیریان نەدەکردن. لە هەندێ وڵاتانی داگیرکراو، وەك بەلجیکا، وڵاتانی هاوپەیمانی ئەڵمانیا وەك وڵاتی سەربەخۆی فەرەنسا کە لەژێر حکومەتێکی قەسری دابوون، ژمارەیەك کلێسا بەراشکاوی نارەزاییان دەربڕی بەرانبەر بە کۆبوونەوەی جووەکان. لە ئەستۆنیا، لاتیڤیا و لیتوانیا، وەك کرۆواتی و ئۆکراینا و سلۆڤاکییەکان،هەزارها کەس چوونەپاڵ نازییە بکوژە خۆ بەخشەکان. جووەکان هەندێ جار لەبەر هۆکاری ئابووری دەپاریزران. لە هەنگاریا تا ساڵی ١٩٤٤ کاتێ Eichmann گەیشتە دەسەڵات بۆ سەرپەرشتکردنی لەناوبردنی جووەکانی هەنگاریا، بولگارییەکانیش نارەزاییان دەربڕی بەرانبەر هاوکاری دەزگاکانی حکومەت لەگەڵ نازییەکان. حکومەتی Vichs لە فەرەنسای سەربەخۆ نزیکەی ٧٠ هەزار جووی بیانی و پەنابەرانی جووی نارد بۆ کەمپە زۆرە ملێیەکان کە تەنها چەند هاوڵاتییەکی جووی فەرەنسای تێدا بوو. هەرچەند حکومەتی ئیتاڵیا حکومەتێکی فاشیستی و هاوپەیمانی هیتلەر و دەسەڵاتەکەی بوو، کەچی بیری ئانتی-سێمیتیزم لەنێو ئیتاڵییەکان بەدەگمەن هەبوو زۆربەی جووەکانیان بەدەستەوە نەدا. ئیتاڵییەکان خۆیان دایە دەست هێزە داگیرکەرەکانی هاوپەیمانان و لە ساڵی ١٩٤٣ هێزەکانی ئەڵمانیا توانییان نیوەی باکووری وڵاتەکەیان داگیر بکەن. ئەم داگیرکردنە توانی کۆکردنەوەی زۆربەی جووەکانی ئیتاڵیا بۆ ئەڵمانیا مەیسەر بکا. لە هۆڵەندا و بەلجیکا هاوڵاتیانیان دژی نازییەکان بوون و زۆربەیان یارمەتی شاردنەوەی جووەکانیان دەدا.لەنەرویجیش هەرچەند حکومەت لەژێر کاریگەری نازییەکان دابوو بەڵام بەرگریکارانی نەرویج توانییان زۆر یارمەتی جووەکان بدەن بۆ دەرچوونیان بۆ وڵاتی بێ لایەنی سوید. لە دانیمارکیش لە رقی داگیرکاری ئەڵمانیا، جووەکان لە لایەن حکومەتەوە داڵدە درابوون، کاتێ نازییەکان ویستیان کۆیان بکەنەوەو بیانێرن بۆ کەمپە زۆرەملێیەکان، خەڵکی دانیمارك زۆربەیانیان بەقاچاخ گواستنەوە بۆ سوید، رێژەیەك ژن و پیاو بۆ یارمەتی دانی جووە چەوسێندراوەکان ژیانیان خستە مەترسییەوە. هەژدە هەزار لەوانە رێزیان لێ گیرا و لەلایەن ئیسرائیلەوە خەڵاتی"راستگۆی نێوان نەتەوەکان"یان پێ بەخشرا. لەوانە دیبلۆماتکاری سویدی"Raoul Wallenberg" بەدەرکردنی ٤٥٠٠ پاسەپۆرتی پاراستن بۆ رزگارکردنی جووەکان لە هەنگاریا،و سنعەتکارێکی ئەڵمانی بەناوی " Oskar Schindler"لە پۆلۆنیا ئەو جوولەکانەی پاراست کە ئیشیان بۆ دەکرد. بەڵگەنامە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە حکوومەتە هاوپەیمانەکان ئاگاداری سیاسەتی قەڵاچۆکردنی جووەکان بوون. هەر لە تشرینی دووەمی١٩٤١، کە راپۆرتی نهێنی لەلایان دەستەی پراکتیکەوە لەسەر کۆمەڵ کوژییەکان لە سۆڤییەت نێردران بۆ بەرلین، بە دۆزینەوەی کۆدی پەیامە نهێنییەکان لەلایەن هەواڵگرانی بەریتانیا، زانیارییەکان ئاشکرا کران. لە ئابی ١٩٤٣ راپۆرت لەسەر راگواستن و لەناوبردنی جووەکان، لە وڵاتانی ژێردەستی نازییەکان لەلایەن رێکخراوەکانی جوولەکەیی لە سویسرا نێردران بۆ دەزگا سەرەکییەکانی حکومەتی بەریتانیا و ئەمریکا. لە

ناوەراستی ١٩٤٤ دوو جوولەکەی سلۆڤاکی کە لە کەمپی Auschwitz رایان کردبوو، زانیاریان لەسەر سیستەمی لەناوبردنی جووەکانی کەمپی Auschwitz دا بەهەوالگرانی بەریتانیا. بە هەر حاڵ، هێزە هاوپەیمانەکان رازی نەبوون بەرزگارکردنی جووەکان. دوای جەنگ، ئەفسەرەکانی حکومەتی بەریتانیا پاساوی ئەوەیان هێنایەوە کە نەیانویستوە ئەو رازە ئاشکرا ببێکە هەوالگرەکان توانیویانە کۆدی پەیامە نهێنییەکانی ئەڵمانیا بدۆزنەوە، جگە لەوە سەرکردە سەربازییەکانی هاوپەیمانان گوایە باوەڕیان نەبووە پرۆسەکانی رزگارکردن لە دوورەوە بۆ رۆژهەلات سەرکەوتن بەدەسبێنێ، وەك چۆن ئەو هەڵمەتە ستراتیجییەی بۆ تێکشکاندنی توانای ئەڵمانیا هاوپەیمانەکان کارگەکانی Auschwitz یان بۆردوومان کرد، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو لە نیشانەگرتنی ژوورە غازییەکان. لەو قوربانییانەی جوولەکە نەبوون، دوو گروپ نێردران بۆ کەمپەکانی لەناوبردن کە ئەوانیش ناتەواو بوون. گیپسیەکان ئەوانە بوون کاتی خۆی لەئاسیاوە هاتبوون بۆ ئەوروپا، ولەناو کەرەڤان (خانووی دەسگێر) لەشێوەی کەمپ دەژیان و ناو بەناو جێی خۆیان دەگۆری و بەکۆکردنەوەی سکراب و کرین و فرۆشتنی ئەسپ وچەند بابەتی تر بژیوی خۆیان دابین دەکرد. نازییەکان پێناسەی ژیانی کەم ئەندام گێلەکانیان بە" ژیانی ناسایشتە "ناو دەبرد. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٣٩ دەستیان کرد بە پیادەکردنی پرۆگرامی ئیوپانئاسیا کە دکتۆرە نازییەکان زیاتر لە ٧٠ هەزار کەم ئەندام گێلیان لە ٦ سەنتەری قەلاچۆکردندا لەناو برد.

نارازیبوونی گەل گوشاری خستە سەر هیتلەر بۆ راگرتنی ئەو پرۆگرامە لە ٦ ئابی ١٩٤١، بەلاّم لە پاش فەرمانی راگرتنی ئەم پرۆگرامە، بەدەیان هەزاری تریشلە نەخۆشخانەکاندا کوژران. نازییەکان قەوارەی رۆمایان بە هەرەشەیەك لە سەر خاوێنی رەگەزی ئەڵمان و بەکێشەیەك دادەنا کە تەنیا بە کۆمەڵکوژی چارەسەر دەکرێت.لەسەرەتای دەسپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم ناو خودی ئەڵمانیا نزیکەی٤٠ هەزار گیپسی لێ بوو، چەند هەزاریش راگوێستران بۆ قەلاچۆکردن لە ناو سەنتەرەکانی پۆڵەندا. لە چەند وڵاتی جیاواز لە رۆژهەلاتی ئەوروپا، گیپسیەکان کۆ دەکرانەوە و گولەباران دەکران. لە کەمپی زۆرەملێی" Auschwitz-Birbenan" کە جێگەی ٢٠ هەزار کەس دەبۆوە، پلانێکی تایبەت هەبوو بۆ گیپسەکان (رۆماکانیشیان پێدەوترێت). نازییەکان و لایان گیرەکانیان بەچەند قۆناخ نزیکەی٢٠٠ هەزار گیپسییان کوشت. لەسەرەتای ساڵی١٩٤١، نزیکەی ٣ ملیۆن و نیو سەربازی بەدیلگیراوی سۆڤییەتیان لە کامپەکانی دیلی جەنگی و کرێکارە کۆیلەکان و کامپە زۆرەملێکاندا کوشت، زۆربەیان بەبرسێتی و گولله باران و خنکاندن بەغاز لەناوبران. هەروەها ئەو پۆلۆنییانەی بە مرۆڤی نانۆرماڵ لە قەڵەم دەدران و کۆسپ بوون لەبەردەم فراوان بوونی ئەڵمانیا، دەکوژران. بۆ ملکەچکردنی کردنی دانیشتوانی پۆڵەندا، نازییەکان هەزاران روناکبیر و سەرکردەی سیاسی و پیاوی ئایینی پۆڵەندیان تیرۆر کرد. دەیان هەزار منالی پۆڵەندی بەرەچەڵەك ئەڵمانی دەرفێنران و دەنێردران بۆ ئەڵمانیا تا لەلایەن دایکان وباوکانی

ئەڵمانییەوە بەخێو بکرێن و گەورەبن. لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەئەنجامی داگیرکردنی پۆڵەندا لە لایەن نازییەکانەوە نزیکەی یەك ملیۆن و نیو هاولاتی سیڤیلی پۆڵەندی گیانیان لەدەستدا. لە ساڵی کە جەنگ کۆتایی هات، کلتووری ژیان و ئایینی و جووەکانی ئەورووپا زۆر کەم ببۆوە. ٥,٦ ـ ٥,٩ ملیۆن جوولەکە کوژران و لەناوبران. هەر بۆیە دوای جەنگ هاوپەیمانان " دادگای سەربازی نێودەوڵەتی" یان لە نۆرنبۆرگ دامەزراند، تا ئەو سەرکردە نازیانەی لەژیاندا مابوون بەتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادگایی بکرێن. لە ساڵانی ١٩٤٥ و١٩٤٦ دادگاییەکانی تاوانی جەنگ سزای ئیعدامی بەسەر ٢٢ سەرکردەی گەورەی نازیدا سەپاندو ١٢شیان زیندانی هەتا هەتاییان بۆ بڕایەوە. ئەو حکومەتانەی لەلایەن هاوپەیمانانەکان لە هەردوو ئەڵمانیا دامەزران، دەیان هەزرای نازییان لە پۆستەکانیان دەرکرد. تەنیا لە ئەڵمانیا ٩٠ هەزار کێشەی تاوانی جەنگ درانە دادگا. دواتر لە ساڵی ١٩٤٨، نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) بڕیارێکی لەمەڕ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەرکرد لە ژێر چەتری یاسای نێودەوڵەتی بێ ئەوەی سنووری دیاری بکرێت. لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارە، فەرەنسا ژمارەیەك لە نازییەکانی پێشووی سزادا، ئەمەریکاش مافی هاوڵاتی بوونی لە چەند هاوکاری نازی کۆچبەر وەرگرتەوە. دوای جەنگ لەبەر بێ ماڵ و حاڵی ٢٥٠ هەزار جوولەکە روویان لەو کەمپانە کرد کە هاوپەیمانەکان لە ئەڵمانیا و نەمسا و ئیتاڵیا دروستیان کردبوو. گوشاریان خستە سەر حکومەت و هێزەکانی ئەمریکا تا رێگایان بدەن کۆچ بکەن بۆ فەڵەستین، بەلاّم بەریتانیا رەتی کردەوە لە ئەنجامدا هەزاران جوولەکە سواری پاپۆڕ بوون تا نایاساییانە کۆچ بکەن بۆ فەڵەستین. رەنج و ناسۆری جووەکان کە هیچ جێگایەکیان نەبوو، سیاسەتی بەریتانیا بۆ ڕاگرتنی ئەو پاپۆڕانە و ناردنیان بۆ کەمپی پاراستن لە قوبرس نارەزایی توندی ڕای گشتی جیهان لێکەوتەوە. تا وای لێهات جووەکانی دانیشتووی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ پشتگیری و چارەسەری کێشەی پەنابەرانی جوولەکە ولاّتێك لە فەلەستین دابمەزرێنن. گوشاری پەنابەرە جووەکان و ڕای گەلاّن، بەریتانیان ناچار کرد چارەسەرکردنی کێشەی نێوان عەرەب و جوولەکە لەسەر فەڵەستین، بخاتە ئەستۆی UN. لەساڵێ ١٩٤٧، UN رەئی دا فەڵەستین بۆ دوو ولاّتی عەرەبی جوولەکەیی دابەش بکرێ. ولاّتە جووەکان (ئیسرائیل)، لە ئایاری ١٩٤٨ دامەزرا. لە ئەڵمانیا ئەو ولاّتانەی تری ئەورووپا کە پێشتر لە ژێر دەستی نازییەکان بوون، زۆربەی کەمپە زۆرەملێیەکان و سەنتەری قوربانییەکان کرانە مۆزەخانە و ئاسایشگای پیران. هەتا لەو ولاّتانەی رووداوی هۆڵۆکوستیشیان بەخۆوە نەبینی بوو، حکوومەت و رێکخراوەکان چەندین مۆنومێنیت و مۆزەخانەیان لەسەر هۆڵۆکۆست دروستکرد. بۆ یادی قوربانییەکانی هۆڵۆکوست و یادەوەری پاڵەوانەکان، لە ساڵی ١٩٥٣، لە قودس بە رەئی پەرلەمانی ئیسرائیل مۆنۆمێنت دروستکرا.